# ئافرەتانی دەڤەری قەڵادزێ لەنێوان نەریتەکۆنەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیدا




تیمی گۆڤاری گوڵان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لەکارێکی مەیدانیدا بۆ ڕووماڵکردنی کێشەو ئاریشەکانی دەڤەری قەڵادزێ سەردانی ناوچەکە دەکەن. لەو سەفەرە هاوبەشەدا کۆمەڵێک ئازاری ئافرەتانی ئەو دەڤەرە بەرجەستە دەبن کە تژییە لە نەریتە نەرێنییە سەپێندراوەکان کە چەندین ئافرەتی بەشێوازی جیاواز کردووەتە قوربانی و ژمارەیەکیشیان هیچ ترووسکاییەک بۆ دوارۆژی گەشی خۆیان نابینن.

**ڕاپۆرتی : گوڵان و ڕاگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان**









### ئاغاكانی ئەم دەڤەرە كچ نادەن بەجوتیار و نزیكەی ٨٠ قەیرەكچیان هەیە

گوندی (گەرمكان) سەر بەناحیەی (قەڵادزێ)یەو ١٤ كم لەو ناحیەوە دوورە، ئەو گوندە تاكو ئێستا هیچ پردێكیان بۆ پەڕینەوە نییەو خەڵكی گوندەكە بە بەلەم هاتوچۆ دەكەن.

جگە لە گەرمكان، سەردانی ناحیەی (ئیسێوە)شمان كرد كە دەكەوێتە دووری ٢٢ كم لە قەزای قەڵادزێ. لە زۆربەی گوندەكانی دەڤەرەكەدا، تائێستا جیاوازیی چینایەتی و جیاكاری لە نێوان جووتیار و دەرەبەگدیاردەیەكی بەرچاوە، ئاغاكان كچی خۆیان بە خێزانی جووتیار نادەن، هەروەها لەلای زۆربەی دانیشتووانی دەڤەرەكە ئافرەت هیچ حیسابێكی بۆ ناكرێ.

قادر گەرمكانی، وەك دانیشتوویەكی گوندی گەرمكان دەڵێت: ئافرەت لەگەڵ پیاودا جیاوازی نییە، هەردووكیان تەواوكەری یەكترن، بەڵام پیاو پەیداكەرەو ئافرەتیش درووستكەرە. هەروەها نابێت پیاو ئافرەتەكەی بكاتە كۆیلە. قادر جەخت لەوەش دەكاتەوە كە نابێت گەنجان لەتەمەنێكی بچووكەوە ژیانی هاوسەری پێكبهێنن، چونكە»لەو تەمەنەدا ڕێزی یەكتر ناگرن و ئینجا كێشە دروست دەبێت و زۆر جاریش لە یەكتر جیا دەبنەوە». لەبارەی مافی ئافرەتانیشەوە وتی: بەداخەوە ئێستا زۆركەس باسی مافی ئافرەتان دەكەن، بەڵام نازانن ئافرەت خۆی مافی خۆی پێشێل نەكات، پیاو ناتوانێ پێشێلی بكات! .

### بارزانیی نەمرگەورە بەبچووك، بنەتۆ و ژن بەژنی قەدەغە كرد

قادر درێژە بەقسەكانی دەدات و هەر سەبارەت بە مافی ئافرەتان و ئەدای ڕێكخراوەكانی چالاكیی مەدەنی بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی ئافرەتان دەڵێت:یەكەمجار بارزانیی نەمر مافی ئافرەتانی داو لیژنەی فتوای دانا، بۆ ئەوەی هەر كچێك مارەبكرێت بچنەلای لیژنەی فتوا ئەوان بزانن كچەكەو كوڕەكە تەمەنیان چەندە، ئایا گونجاوە یان نا؟ بارزانیی نەمر بە مامۆستایانی ئایینی ڕاگەیاند سێ شت قەدەغە بكەن، یەكەمیان گەورە بەبچووك، دووەمیان بنەتۆ و سێیەمیان ژن بە ژن، واتە بارزانیی نەمر داهێنەر و پارێزەری مافی ئافرەت بوو، بەڵام ئێستا هەر كەس هەڵدەستێت دەڵێت ڕێكخراوی مافی ئافرەتم و تەنیا بۆ ئەوەیە نانێكی پێ بخوات» قادر گەرمكانی ئەوەشی خستەڕوو كە هەندێك لە ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەكان هەتا ئێستاش كچ بە جوتیاران نادەن، گوتیشی :كچەكانیان هەمووی بوونەتە قەیرەكچ، ئاغاكانی ئەم دەڤەرە ئێستا نزیكە حەفتا- هەشتا پیرەكچیان هەیە كە كەس پێیان قایل نابێت».

### دروستكردنی پردێك جێی كەڵەك و بەلەم دەگرێتەوە

مریەم حەسەن، دانیشتووی هەمان گوندەو لەساڵانی حەفتاكانەوە ژیانی هاوسەری پێكهێناوە، ئەو بەمجۆرە باسی ژیانی ئافرەتانی ئەو گوندە دەكات «ئافرەتی ئێرە ڕۆژانە خەریكی بەخێوكردنی مەڕوماڵاتن، كاری كشتوكاڵ دەكەن و هیچ حەسانەوەمان نییە، لەبەیانی تائێوارە خەریكی كاروبارین. بەڵام ژیانەكەش گۆڕاوە و وەك جاران نییە، ئافرەت تاڕادەیەك ئازادیی هەیە، ئێستا دەچێتە خوێندنگە و دەبێتە فەرمانبەر و كارمەند». مریەم ئەوەش دەخاتەڕوو كە نەبوونی پردێك بۆ پەڕینەوە كێشەی زۆری بۆ دروست كردوون و گوتی : داواكارین حكومەت پردێكمان بۆ دروست بكات بۆ ئەوەی لە كەڵەك و بەلەم نەجاتمان بێت، چونكە زۆر جار ئافرەتمان هەبووە نەخۆش بووە، یاخود دووگیان بووە، بۆ پەڕینەوە تووشی كێشە بووین و لەكاتی خۆیدا نەمانتوانیوە بیگەیەنینە نەخۆشخانە».

### ئاغاكان گەر ناچارنەبن كچ بەجووتیار نادەن

(ن.ح)ئافرەتێكی تەمەن ٥٥ ساڵەیەو دانیشتووی (قەڵادزێ)یەو تاكو ئێستا ژیانی هاوسەری پێكنەهێناوە، لەبارەی هوكارەكەشی دەڵێت:تەمەنم ٢٠ ساڵان بوو، كوڕێكم خۆش دەویست كە لە بنەماڵەیەكی جووتیار بوو، منیش لەبنەماڵەیەكی ئاغا بووم، چەندینجار هاتە داوام بۆئەوەی ژیانی هاوسەری پێكبهێنم، بەڵام بنەماڵەكەم ڕێگربوون لەبەردەمم، گوتیان بتكوژین ناتدەین بە كوڕە جووتیارێك. ئەوەشی خستەڕوو كە لەبنەماڵەكەیان چەندین ئافرەت بوونەتە قوربانی ئەو دیاردەیەو تاكو ئێستا ژیانی هاوسەرییان پێكنەهێناوە، گوتیشی «تا ئێستاش لەنێو بنەماڵەكەمان







ئـــەم دیاردەیە هەر مـــاوە، گەر بەناچاریش کچ بەجووتیارێك بدەن حاشا لەکچە دەکەن و ڕازی نابن ئەم کچە جارێکی دیکە سەردانی ماڵی باوکی بکات. بەداخـــەوە لەم دەڤەرە عەقڵییەتی پیاوسالاری ئەوەندە زاڵە زۆرجار دەڵێن پیاو گەر ژنێك نەکوژێت، ئەوا ناچێتە بەهەشت» .


حاجی خدر حەسەن دانیشـــتووی ناحیەی (ئیسێوە)و پێشمەرگەی ئەیلوولە، ئەو باس لە زەمانی کۆن دەکات کە ئازادیی ئافرەت چۆن بووە و دەڵێت: ئەو کات هیچ ئازادییەك بۆ ئافرەت نەبوو، هەموو شتێك پیاو بڕیاری لەســـەر دەدا، ئیشـــی ئافرەت تەنیا مەڕو ماڵات بەخێوکردن و منداڵ بەخێوکردن بوو، هەروەها بەردەوام لێدان و کوتان هەبوو، بەڵام ئێستا ئافرەت زۆر ئازادەو دەتوانێت لەدەرەوەش وەك و پیاو کاربکات. لەبارەی بەشـــوودانی کچانیش حاجی خدر گوتی:لە کۆندا هیچ پرس و ڕایەك بەئافرەتەکە نەدەکرا، بەشوویان دەدا، جـــا کچەکە بەدڵی با یان نا کێشـــە نەبوو». مامۆستا ئەحمەد قادر دانیشتووی ناحیەی ئیســـێوەیە لەبارەی ڕەوشی ئافرەت لەم دەڤـــەرە دەڵێت : ئەم دەڤـــەرە دەکەوێتە نێوان سنورەکانی تورکیاو ئیران، عەقڵیەتیی پیاوســـالاریی تێـــدا زۆر زاڵـــە، بۆیە گەر سەیربکەین زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لـــەم دەڤـــەرە ڕوودەدەن .لەبارەی کێشـــەی دەرەبەگ وجووتیار هەیە تاکوئێستاش هەر ماوە کە کۆمەڵێك عەشیرەت هەن تاکو ئێستا کچ نادەن بە جووتیار بەڵکو چەندین کچیان بۆتە قوربانیی ئەم دیاردەیە.



**پەرلەمانتارێک:**
**یاسای بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی زۆر فراوانەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بنبڕدەکات**



حاجی خدر



مام قادر



مامۆستا ئەحمەد

**جووتیارێک:**
**ئێستا هەر کەسە و هەڵدەستێت و دەڵێت ڕێکخراوی مافی ئافرەتانم و تەنیا بۆ ئەوەیە نانێکی پێوە بخوات**

**پیاوێکی بەساڵاچوو:**
**بارزانیی نەمر ژن بەژن و گەورە بەبچووک و بنەتۆی قەدەغەکرد**

**توندوتیژی تەنیا بەرامبەر بەئافرەت ناکرێت**

پەرلەمانتار ژیان عومەر شەریف ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساڵی ڕابردوو یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە و یاساکەشی بە یاسایەکی بەرز نرخاندو بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی، «توندوتیژی تەنیا بەرامبەر بەئافرەت ناکرێت، بەڵکو زۆرجار ئافرەت توندوتیژی بەرامبەر بەپیاو کردووە، یان دایك و باوك بەرامبەر بە منداڵەکەیان توندوتیژییان بەکارهێناوە، زۆرجاریش توندوتیژی بەرامبەر بە کەسانی بەتەمەن لەناو خێزاندا دەکرێت. بێگومان یاسای توندوتیژیی خێزانی زۆر بەوردی باسی سەرجەم خاڵەکان دەکات، ئەو یاسایە شتێکی عەفەوی نەبووە، من خۆم لە لیژنەکاندا بووم کە نووسراوەکان دەهاتەلامان زۆر بەوردی کارمان لەسەر دەکردو خاڵ بە خاڵ هەنگاوەکانمان باسدەکرد و لەهەموو هەنگاوەکانیدا گفتوگۆمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرد، یاسایەکەش زۆر فراوانەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەگرێتەوەو سەرجەم جۆرەکانی بنبڕدەکات».

یەکێك لەو کێشانەی کە کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەوەیە کە گەنجان لەتەمەنی زۆر بچووك دەچنەنێو پرۆسەی هاوسەرگیری، بەتایبەتی لە قەزاو ناحیەو گوندەکانی قەڵادزێ، کچانی ژێر تەمەنی ١٤ ساڵانیش بەمێرد دەدرێن، کە هیچ ئەزموون و ئامادەگییەکیان بۆ ئەو پرۆسەیە نییە، بۆیە تووشی کێشەی گەورە دەبن.

پەرلەمانتار ژیان عومەر، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت:ئێمە یاسایەکمان هەیە بۆ ئەم بابەتە، ئەویش ئەوەیە کە نابێت کچ بەزۆر بەشوو بدرێت، هەروەها نابێت گەورە بە بچووك بکرێت، ئەمە دەقێکی یاساکەیە، بەڵام لەیاساکەدا باسی تەمەن نەکراوە. چونکە زۆرجار کچێك تەمەنی زۆر بچووکە، بەڵام خۆی حەز لە کوڕێك دەکات و دەیەوێت شووی پێبکات، بۆیە ناتوانرێ ڕێگری لێبکەن، بەڵام ئەگەر شووکردن بەزۆربێت، ئەوا سزای لەسەرە».

**پێویستە سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان لەشارۆچکەکانیش بکرێتەوە**

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە وەك لیژنەکانی پەرلەمان بۆچی هەتا ئێستا وەك پێویست سەردانی گوند و شارۆچکەکانتان نەکردووە، کە ژنانی ئەو ناوچانە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەیاساکانی پەرلەمان نییە؟ ئەو پەرلەمانتارە گوتی: ڕاستە ئەو یاسانە تائێستا بەتەواوەتی نەناسراون، بەتایبەتی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بەهۆی نەبوونی دادگایەکی لەو جۆرە خەڵك بەیاساکە ئاشنا نەبووە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە دادگاکە دروستبووە، ئێمە بە بەردەوامی سەردانی شوێنەکان دەکەین، ڕۆژانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، بۆنموونە ئێمە پێشنیار دەکەین کە سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان لەشارۆچکەکانیش بکرێتەوە. ڕۆژانەش سەردانی شەلتەرەکان دەکەین. بەڵام ئێمە هێشتا سەردانی قەڵادزێمان نەکردووە، چونکە ئێمە ڕۆژانی دووشەمە و سێ شەمە و چوارشەمە لە هەولێرین و تەنیا یەك شەممە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی سەردانی شارەکانی دیکە بکەین، ئەمە بێجگە لەوەی ئێمە زۆر سەرقاڵین وەك لیژنەی خێزان وکاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە کاری ئێمە تەنیا سەرپەرشتی مەسەلەی ئافرەت نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە منداڵانی کەمئەندام و منداڵانی ئۆتیزم و منداڵانی نابیناشە» .

وەك دەزانین بارزانیی نەمر لەساڵانی شەستەکاندا بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد، دیارترینیان نەهێشتنی ژن بەژن و خەتەنەکردن و گەورە بەبچووك بوو، بەڵام دوای نزیکەی پەنجا ساڵ تازە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان داوای ئەوشتانە دەکەن، لەو بارەیەوە پەرلەمانتار ژیان عومەر گوتی: بێگومان یەکەم کەس



ڕێزان حەمەد



پورە مریەم

لەکوردستاندا دانی بەکێشەکانی ئافرەتاندا ناوە، بارزانیی نەمر بووە و لەکۆنگرەکانی سەرەتادا لەساڵانی شەستەکاندا چەندین ئافرەت چوونەتە سەرکردایەتی، لەوانە ناهیدە شێخ سەلام و دواتر خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی و لەم دواییەشەدا خاتوو شیرین ئامێدی و ئێستاش خۆشبەختانە چەندین ئافرەتمان وەك ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەیە، ئەوەتا یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیش شەست ساڵ زیاترە خەبات دەکات، کەلەلایەن باوکی ڕۆحیمان بارزانیی نەمرەوە دامەزراوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بارزانیی نەمر ئەوکات لەڕێگەی دادگای شۆڕشەوە هەموو مافەکانی ئافرەتانی دەستەبەرکردووە».

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە کە «توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت شتێکە لە کەلتووری کورد نییە، بەڵکو کەلتووری نەتەوەکانی دراوسێیە بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبەوە هاتووە، سەرجەم ئەو کەلتوورانەش پێش هاتنی ئایینی ئیسلام هەبوون، وەك خەتەنەکردن زیندەبەچاڵکردنی کچ و کوشتنی ژن، ئەمانە هەمووی عورفی پێش ئیسلامن لە دوورگەی عەرەبدا کچ زیندەبەچاڵکردن بەر ئیسلام زەقترین دیاردەی کۆمەڵایەتی بووە .چونکە عەرەب زۆر جاهیل بوون، بەداخەوە ئێستاش ئەو کەسانەی کە ئیسلامی سیاسین، دەیانەوێت ئەم عورفانە تێکەڵ بە دینی ئیسلام بکەن، پیاوی عەرەب بەر لەئیسلام زۆر دڕندەبوون، بەشێوەیکی زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتدا کردووە».

**دەڤەرەکە عەشایرییە و کێشەی زۆری هەیە**

لەلای خۆیەوە ڕێزان حەمە ئەحمەد بەرپرسی ئەنجومەنی ناوەندی قەزای قەڵادزێی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بەمجۆرە باسی کێشە و ئاریشەی ئافرەتانی ئەو دەڤەرەی کرد، «ئێمە وەك ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتان لەم دەڤەرە کاردەکەین کە دەڤەرێکی عەشایرییەو ڕۆژانە کێشەی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ئافرەتانی ئەم دەڤەرە دەبێتەوە، بێگومان بەشێك لە ئافرەتان بۆ چارەسەری کێشەکانیان سەردانمان دەکەن، بەشێکی دیکەیان لەڕێگەی لق و شانەکانمان ئاگادارمان دەکەنەوە بەبوونی کێشە، ئێمەش دەچین سەردانیان دەکەین بۆ چارەسەری گرفتەکانیان، لەم دەڤەرە کێشەیەکی دیکەمان هەیە، ئەویش کێشەی ئاغاکانە کە ئەوان چینێکی تایبەتن و خۆیان لەهەموو کۆمەڵگە بەدوور دەگرن و تەنانەت ناهێڵن کە ژن و کچەکانیان بێنە دەرەوە لەماڵەوەو بەشداری لەکۆڕوکۆبوونەوەکاندا بکەن، ئەمە بێجگەلەوەی ئەو ئاغایانە ڕێژەیەکی زۆر کچی بەتەمەنیان ماوە کەهەتا ئێستا شوویان نەکردووەو بە تەمەندا چوون، بەهۆی ئەوەی کەئەوان پێیان شەرمە کچ بە جووتیار بدەن، واتە عەقڵییەتی پیاوسالاری زاڵەو کچان و ئافرەتانی ئەم دەڤەرە لەلایەن پیاوانە دەچەوسێنرێنەوە، تەنانەت زۆرجار گوێ لە کچ ناگیرێت لەکاتی بەشوودانی، واتا کچ ئازاد نییە لەشووکردن بەو کەسەی خۆشی دەوێت.

**تەنانەت توێژەری کۆمەڵایەتیمان نییە**

ئەو بەرپرسەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە «ئاستی خوێندەواری بەبەراود لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا زۆر باش بووە، چونکە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوەو ئێستا بەشێکی زۆر لەئافرەتان ڕوودەکەنە خوێندن و ئەمەش وای کردووە کە ڕێژەی نەخوێندەواری کەم بێتەوە». وەك کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەمیشیان ڕوونی کردەوە کە «شەڵتەر و سەنتەر و بنکەی پۆلیسی تایبەت بەئافرەتیان نییەو نموونەشی بەوە هێناوە کە»پار ژنێك هات، گوتی: تەحویلی هەولێرو سلێمانیم مەکەن، من لای ئێوە دەمێنمەوە، بەڵام ئێمە تەنانەت توێژەری کۆمەڵایەتیمان نییە».

ئەنجومەنی قەڵادزێ پێنج ناحیەی هەیە (هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە، ژاراوە، سەنگەسەر، ڕاپەرین).

**(( یەکەم کەس لەکوردستاندا دانی بەکێشەکانی ئافرەتاندا ناوە، سەرۆک بارزانی نەمر بووە و لەکۆنگرەکانی پارتی لەساڵانی شەستەکاندا چەندین ئافرەت چوونەتە سەرکردایەتی، لەوانە ناهیدە شیخ سەلام و دواتر خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی و لەم دواییەشەدا خاتوو شیرین ئامێدی و ئێستاش خۆشبەختانە چەندین ئافرەتمان وەک ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەیە، ئەوەتا یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش شەست ساڵ زیاترە خەبات دەکات، کەلەلایەن باوکی ڕۆحیمان بارزانی نەمرەوە دامەزراوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بارزانی نەمر ئەوکات لەرێگەی دادگای شۆڕشەوە هەموو مافەکانی ئافرەتانی دەستەبەرکردووە))**

